**سێیەمین کۆنفرانسی نێو نەتەوەیی "یەکەم منالأن"**

**مافەکانی منالأن چۆن و بۆچی ..!!**

**مافەکانی منالأن پێویستە گشتی و جیهانی بێت..!!**




**ڕۆژانی 11 و 12 فابریوەری 2005 سێیەمین کۆنفرانسی یەکەم منالأن لە ستۆکهۆڵم لە وولأتی سوید دەبەسترێت، مافەکانی منالأن چۆن و بۆچی ؟! کۆنفرانسێك لە پێناوی جیهانی بوونی مافەکانی منالأن ، بەبەشداری خەڵکانی بەریگەر لە مافەکانی منالأن بەڕێوە دەچێت.جگە لە پێشنیار کردنی " مسوودەی مافەگشتی و جیهانییەکانی منالأن" کە لە لایەن سورەیا شەهابی یەوە ئامادە کراوە، وەك یاسایەك بۆ بەرگری لە مافەکانی منالأن بەبێ جیاوازی لە هەموو جیهاندا، باس و لێکدانەوەی جیاجیا لە لایەن بەشدار بووانەوە پێشکەش دەکرێت ، کە لە چەندین شوێن و وولأتی جیاجیاوە بەرگریکەرانی مافەکانی منالأن و ئەندامان و لایەنگرانی کەمپینی نێو نەتەوەیی بۆ بەرگری لە مافەکانی منالأن "یەکەم منالأن" و سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالأن ، بە شداری ئەم کۆنفرانسە دەکەن . بە شدار بووان لەووڵأتەکانی وەك ( ئەمەریکا ، بەلجیکا ، فەرەنسا ، بەریتانیا ، هۆڵەندا ، ئیتالیا ، ئێران ، ئێراق و سوید) بۆ بەشداری کۆنفرانس دێن، ڕۆژی یەکەمی کۆنفرانس 2005/02/11 بە زمانی ئینگلیزی و سویدیە و لە هۆڵی منالپارێزی سویدە ( Rädda Barnen ) لە شەقامی Torsgatan 4 ، لە کاتژمێر 10 ی بەیانی تا 5ی ئێوارە ، هەروەها ئێوارەی هەمان ڕۆژ کاتژمێر 7 ی ئێوارە لە هۆڵی ( Kista-Träff ) ئاهەنگێکی قەشەنگمان دەبێت بۆ منالأن . ڕۆژی دووەم 2005/02/12 لە هۆڵی Kista-Träff کۆنفرانس بە زمانەکانی کوردی ،عەرەبی و فارسی درێژەی دەبێت.**

**لەم کۆنفرانسەدا جگە لە باس و ووتار و نیشاندانی دەیان بەڵگە نامەو دۆکیۆمێنت لەسەر وەزعییەتی منالأن ، فیلمی "چەند ساتێك لەگەڵ منالانی بێسەرپەرشتی سەرجادەدا لە شاری بەغداد" بە تێکستی سویدی ، کە لە لایەن "شێرزاد فاتح "ەوە ئامادە کراوە نیشان دەدرێت.**

**هاتنیش بۆ هەموانە، بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆن و ئادرەس مەیلانەوە بکەن.**

**شێرزاد فاتح** 0046735715449

**سلیمان قاسمیانی** 0046707350894

**سورەیا شەهابی** 00447981343101

**یان سەردانی ماڵپەڕی سەنتەری منالأن بکەن**